# توركیا كێشەی كورد و ئیسلام چارەسەر دەكات

محەمەد عەلی بیراند
و. لە توركیەوە: بەكر شوانی

گراهام فولەر پسپۆرێكی گرنگی خاوەن چەندین تایبەتمەندیە. ماوەی هەشت ساڵ سەرۆكی بەشی لێكۆڵینەوەی سیاسی "سی ئای ئەی" بووە و ماوەی دوازدە ساڵیش لە "Rand Corp" ی بە ناوبانگ لە ئەمەریكا وەكو پسپۆڕێك لەسەر ئیسلامی سیاسی و شەڕی ئەتنی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوین (بە تایبەتی لەسەر كێشەی كورد) كاری كردووە و چەندین كتێبی لەسەر ئیسلامی سیاسی و كێشەی كورد نوسیوە. بە چاوپۆشین لەوەی كە لەگەڵ بۆچوونەكانیدان یاخود نا، تێڕوانینەكانی بێرادە سەرنجراكێشن. لە كۆنفرانسێكی (ناوەندی لێكۆڵینەوەی ئەوروئاسیا) ئەستەمبوڵ بەشداریكرد و هەولێشی دا لە زانكۆی تەكنیكی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وتەیەک پێشكەش بكات (!) بۆیە دەڵێم "هەولی دا وتەیەک پێشكەش بكات" چونكە هەلی بۆ نەڕەخسێنرا. بە بۆچوونی من هەڵەیان كرد و پێویستە لەبیر نەكرێ كە ئەوان بە نەدواندنی فولەر، هەلی زانینی بۆچوونە زۆر سەنجراكێشەكانی ئەویان لە دەست چوو. فولەر بواری بۆ ڕەخسا كە لە بەرنامەی "مانشێت" (CNN TURK) بۆچوونەكانی خۆی ڕابگەیەنێ. لێرەدا هەندێك لە تێڕوانینەكانی فولەر بۆ ئەو كەسانە دووبارە دەكەمەوە كە بینینی بەرنامەكەیان لە دەست چووە.

كوردەكان ئەوەی چاوەڕێی دەكەن لەوانەیە بەدەستی نەهێنن

بە بۆچوونی فولەر ئەمەریكا لە عێراق خۆی هاویشتۆتە ناو ماجەرایەكی پڕ لە مەترسیەوە. پێی وایە لەو ولاتە هەستی نەتەوەپەرستی عەرەب دەتەقێتەوە و ئەگەری ئەوەش نادا بە دەستەوە كە دەوڵەتێكی ئاینی لەسەر شێوازی ئێران لە عێراق دابمەزرێ. بۆچوونەكانی فولەر لەمەڕ كوردەكانی عێراق هەر زۆر سەرنجراكێشن و پێی وایە بارزانی و تاڵەبانی كە تا ئێستا وەكو دەوڵەتێكی سەربەخۆ مامەڵەیان كردووە، لەدوای دامەزراندنی حكومەت لە عێراق، ئەو ئازادی جموجوڵەیان نامێنێ. دەڵێ: "دەوڵەتی ئاییندە بایەخێكی گەورە بە یەک پارچەیی خاكی ولات دەدات و داوا دەكات هەموو دەسەلاتەكان سەرلەنوێ لە بەغداد كۆبكرێنەوە. دەشڵێ ئەم ڕەوشە بە پێچەوانەی چاوەڕوانی گشتی كوردەكان بە ئاكام دەگات. "

ئایا ئەو قەوارەیەی كە كوردەكانی باكوری عێراق دایدەمەزرێنن، ئێشتیهای هەندێك لە گروپە كوردیەكانی ناو توركیا ناكاتەوە؟ فولەر باوەڕ ناكات وەها بێت.

توركیا كێشەی كورد تێگەیشتووە . فولەر دەڵێ بە پێچەوانەوە، توركیا لە كێشەی كورد تێگەیشتووە و چۆنیەتی چارەسەر كردنی لەبەر چاو گرتووە و هەنگاوی گرنگیشی ناوە لەسەر ڕێی چارەسەر كردنی كێشەكە و وتیشی " زۆر گەشبینم بە ڕەوتی پێشهاتەكان. "

ئەم بۆچوونەی فولەر گرنگە، چونكە لە نزیكەوە لێكۆڵینەوەی لەسەر كێشەی كورد لە توركیا ئەنجامداوە، واتا پسپۆڕێكە لەسەر بناغەیەكی زانستی قسە دەكات. بۆچوونێكی تریشی هەیە كە هەتا بڵێی جێگای سەرنجە، دەڵێ: " دیاربەكرێكی بەختەوەر، خۆشگوزەرانی بۆ توركیا دێنێ، بەلام كێشە بۆ ولاتەكانی تری هەرێمەكە دەخوڵقێنێ. . . دیاربەكرێكی ناشادیش، مەترسی بۆ توركیا پێكدەهێنێ. "

بە بۆچوونی فولەر، كوردەكانی هاولاتی تورك، بە هیچ جۆرێک ئاو نازێتە دەمیان بۆ باكوری عێراق، ئەویش لەبەر ئەوەی كە دەزانن ئەو دیموكراسیەی لە توركیا هەیانە لە هیچ شوێنێكی تر پێی ناگەن. . . .

سەرچاوە: ڕۆژنامەی میللیەت ٢٠٠٣/٦/٢٦